کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان: تانەکان کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نابێت

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، ئەو تانانەی وەرگیراون کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نابێت، زۆربەیان سەبارەت بە پشکی کێتا و سیستمی دیاریکردنی کورسییەکان بون. ئەحمەد عوبەیدی ئەندامی تیمی میدیایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، کۆمسیۆن سێ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ماوەی تانەدانەکانی کردەوە بەجۆرێك لە 31ی (کانونی یەکەم/12)ی 2024 ماوەی وەرگرتنی تانەکان کێتاییهات".

ڕونیشیکردەوە، "کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەستیکردوە بە ناردنی تانەکان بۆ دەزگای دادوەری و چاوەدێری وەڵامە لە ماوەی 10 ڕۆژدا، زۆربەی ئەو تانانەشی ئاڕاستەی کۆمسیۆن کراون تایبەتن بە پرسی پشکی کێتاکان و سیستمی دیاریکردنی کورسییەکان".

ئەوەشیخستەڕو، "ئەو تانانەی کە وەرگیراون کاریگەریان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نابێت".